عەبدوڵڵا پەشێو:

# هەموو ئەو فیستیڤاڵ و کۆنفرانسانەی لێرە دەکرێن، بەفیڕۆ دانی پارەی هەژارانی کوردستانە



*** سەردانی ئەمجارەت بۆ باشووری کوردستان لە هەموو سەردانەکانت درێژتر بوو، هۆی چ بوو؟**

– خەریکی هەندێ کاروبارم، بە تایبەتی هەوڵدەدەم سەرجەمی شیعرەکانم لە چاپ بدەم. ئەوەی لە دەرەوە بە حەفتەیەك دەکرێ، لێرە مانگێکی دەوێ. بە تایبەتیش هەموو کارەکان، لە تایپکردنەوە تا دەگاتە دیزاینی ناوەڕۆك خۆم کردم. جگە لەمەش، ئەمجارە لە هەموو کاتێك زیاتر دابرانم لە ولات پێ ناخۆشە. ڕەنگە خۆتان بزانن بۆچی...

*** لەم سەردانەتدا چ جیاوازییەکت لە باشووری کوردستان بینی بە بەراورد لەگەڵ سەردانەکانی پێشووت؟ بەتایبەتی زۆر جار دەڵێن پەشێو کەسێکی ڕەشبینە؟**

– زۆر گەشبینم، گەشبینییەکەم لە واقیعبینییەوەیە. دەزانم واقعێکی تاڵ هەیە، بەڵام دەشزانم ڕۆژێ لە ڕۆژان لەم ولاتەشدا گۆڕانکاری ڕوودەدات. ئەرکی ڕۆشنبیران (ئەگەر هەبن)، ئەوەیە هەوڵ بدەن، تا بکرێ، ڕۆژێك زووتر ئەو گۆڕانکارییانە ڕووبدەن. لەباتی ئەوەی پاش سەد ساڵی دیکە سەرەتای کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی بێتە کوردستان، بەڵکو کارێك بکەین پاش بیست – سی ساڵی دی ئێمەش ببینە خاوەن دامودەزگا، خاوەن یاسا، خاوەن دەستوور، وڵاتێکمان بێ تێیدا دەرفەتی بەختەوەری ماف هەموو هاونیشتمانان بێ، نەك ئەندامانی ئەم حیزب و ئەو حیزب. ئەوانەی گومان دەکەن لەوەی ئێستا لە کوردستان دەوڵەتی دام و دەزگا هەیە ڕەشبین نین، واقیعبینن.

*** بیرت لەوە نەکردووەتەوە بە یەکجاری لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانت بگەڕێیەوە کوردستان؟**

– جاران گیروگرفتم تەنیا جێی حەوانەوە و نانی بێ منەت و تۆزێك ئازادی بوو، ئێستا تەندروستیشی هاتۆتە سەر.

*** لەکاتی هەڵمەتی بانگەشکردن بۆ هەڵبژاردنەکان لێرە بوویت، ئەو هەڵمەتەی پڕوپاگەندانەت چۆن بینی؟**

– زۆر دواکەوتوانە بوو، بڕوا ناکەم هیچ میللەتێکی تر بەو قۆناغەدا تێپەڕیبێ، ئەگەر یەکێك دەنگ نەدات بڵێن خائینە یا دەچێتە دۆزەخ! ئەو قسە بێ مانایە بەڕاستی نیشانەی دواکەوتوویی سەرکردایەتیی حیزبەکانە.

*** ئەوەندەی کە دەبینی و خوێندنەوەت بۆ باشووری کوردستان هەبووە، بە ڕای تۆ باشووری کوردستان بەرەو زەقکردنەوەی تایبەتمەندییە کوردستانییەکەی، یان بە عێراقیکردنەوەکی زەقتر دەچێت؟**

– بەرەو تەعریب دەچین. دیارە هەتا ئێستا بە زەبر و زەنگ تەعریب دەکراین، بەربەرەکانیی ئەو تەعریبەمان دەکرد. ئێستا وامان لێ دەکەن خۆمان هێواش هێواش بەرەو خۆ بەعەرەبکردن بچین. ئەم جارە، هەست دەکەم خەڵك زێتر وشەی عەرەبی بەکار دێنن، تا دێ زێتر لە کاروبارە ڕەسمییەکاندا زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێ. تا ئێستا تاکە یاسایەکت نییە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. ئەگەر حاڵ وابڕوا، دواڕۆژی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی زۆر ڕەشە. ئەمە مەسەلەیەکی دوور و درێژە.

*** سەربەخۆیی ئامانجی دوور و نزیکی تۆ بووە، ئێستا ئەو ئامانجە لە کوردستان چ لەسەر ئاستی سیاسی، چ لەسەر ئاستی میللی، ڕەواجی هەیە؟**

– سەربەخۆیی هێلکەیەك نییە دایبنێینەوەو یەکسەر هەڵبهێنێ. سەربەخۆیی بیرە. ئەو بیرە دەبێ تەشەنە بکات. بۆ تەشەنەکردنیش هەندێ هۆ و ئامراز هەن. ڕەنگە ئەو هۆ و ئامرازانە لە بەر دەستدا نەبن. ئەگەر من یەك تەلەڤزیۆنم هەبوایە، یا یەك کەناڵ ڕۆژی دوو سەعات کاری بکردایە، دڵنیات دەکەم کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەمتوانی پرسی سەربەخۆیی بکەمە پرسی هەموو نەتەوەی کورد. ئەگەر هەزاربەرفتی سەربەخۆییشت بۆ هەڵکەوێ، ناتوانیت سەربەخۆ بیت، ئەگەر پێشتر ساڵانێکی دوور و درێژ خۆت بۆی ئامادە نەکردبێ. ئێمە لەجیاتی ئەوەی هەلومەرجی سەربەخۆیی دروست بکەین، بەدەستی خۆمان لە ناوی دەبەین. بە ناوی ئازادی و دیموکراسی و سەربەخۆیی و کوردایەتی ئەوەندە تاوان ئەنجام دراون، وای لێهاتووە خەڵك لێیان بپرینگێتەوە. هەر جوانی و ڕۆمانسییەت و پاکییەکی لەو وشانەدا هەبوو کوشتییان. ماوەیەکی زۆری دەوێ، هەوڵێکی زۆری دەوێ، تا متمانەی خەڵك دەگێڕینەوە جێی خۆی. کوردستان ئازاد نییە ئەگەر تێیدا گەلی کوردستان ئازاد نەبێ.

*** جارێك یەك لە سەرکردەکانی کورد گوتی سەربەخۆیی خەیاڵی شاعیران و نەتەوەپەرستانی کوردە، ئایا ئەگەر سەربەخۆیی خەیاڵی شاعیران بێ، چۆن دەتوانین ئامادەیی بۆ بکەین و بیکەینە واقیع؟**

– ئەوەی وا دەڵێ ڕاستگۆیە. ئەو هەر بیری لە دەسەڵات کردۆتەوە. خوا هەڵناگرێ قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی سەربەخۆیی نەکردووە، ئەدی من هەموو جارێ ناڵێم، ئێمە نەك هەر تاکە گەلێکی بێ دەوڵەتین، بەڵکو تاکە گەلێکی بێ پڕۆژەی دەوڵەتیشین. سەیرە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی ئەم سەرزەمینە کورد بێ، کوردیش تاکە ڕێکخراوێکی سەربەخۆییخوازی نەبێ. ئێمە کۆمەڵێك حیزبی عێراقی، ئێرانی، تورکیایی، سووریاییمان هەن، کە تەنیا بۆ گەیشتنە دەسەڵات و سامان کورد و کوردستان دەکەن بە پەیژە. ئەوەی تۆ باسی دەکەی کە بە لایەوە سەربەخۆیی خەیاڵی شاعیرانە، بریا چل ساڵ لەمەوبەر ئەمەی بگوتایە پێش ئەوەی بە ناوی کورد و کوردستان سەتان هەزار کەس خۆ بە کوشت بدەن.

> ئەگەر من یەك تەلەڤزیۆنم هەبووایە، یا یەك کەناڵ ڕۆژی دوو سەعات کاری بکردایە، لەماوەی چەند ساڵێکدا دەمتوانی پرسی سەربەخۆیی بکەمە پرسی هەموو نەتەوەی کورد

لە ئازادی و سەربەخۆیی و دەوڵەت بترازێ هیچ شتێك ئەوە ناهێنێت مرۆڤ خۆی بۆ بکوشت بدا. من دژی سیستمی فیدرالی، کۆنفیدرالی نیم، بەڵام پێکەوەژیانی چەند گەلێك لە چوارچێوەی وڵاتێکدا حاڵەتێکی ڕۆشنبیرییە. ئەو حاڵەتە لە ئەنجامی شەڕ و تەقوتۆق بەدی نایێ، بەڵکو پرۆسەیەکی مێژووکردە. من لەو بڕوایە نیم ئەو کولتووره، ئەو حاڵەتە ڕۆشنبیرییەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێ، یا بەم زووانە پەیدا ببێ. پێکەوە ژیانی ئێمە لەگەڵ عەرەب و تورك و فارسدا، ئێستا، لەسەر بنەمای گەلی گەورە و بچووك، زمانی سەردەست و بندەست دامەزراوە، بگرە خۆشمان باوەڕمان بەوە نییە، کە ئێمەش عەبدی خواین و لەگەڵ خەڵکی تردا یەکسانین. ئەوە نییە، لە باشوور، بەدەستی خۆمان زمانی خۆمان لە ناو دەبەین و سووکی دەکەین و خۆمان بە زمانی بێگانە هەڵدەدەینەوە. لە کاتێکدا گەلێکی بچووکی کەمتر لە دوو ملیۆنی وەك ئیستۆنی، لە ماوەی چواردە ساڵ سەربەخۆییدا، توانیی خۆی بە تەواوی لە زمانی ڕووسی ڕزگار بکا و سەرتاپای ژیانی ڕۆحیی خۆی دووبارە لە سەر بنەمای کولتوور و زمانی زگماك بنیات بنێتەوە.

ئیستۆنیا چووە ناو یەکێتی ئەورووپا و ئێستا بەشێکە لە ئەورووپا، بەڵام، لەو یەکێتییەدا ئیستۆنیا ئیستۆنیایە، لەوێ زمانی ئیستۆنی زمانی سەردەستە، تاکە زمانی ڕەسمییە لەو وڵاتە، کولتووری ئەوان کولتووری سەردەستە، بەڵام بەشێکیشن لە ئەورووپا. ئیستۆنییەك قەت زمانی خۆی بە کەمتر نازانێ لە زمانی سەدان ملیۆن ئەڵمانی و ڕووس. ساڵانە لەو وڵاتە بچووکە بێ دەرامەتە هەزاران کتێب بەو زمانە دەردەچن. دەیان فەرهەنگ و ئەتڵەس و ئەنسکلۆپیدیا ... جا ئەگەر کولتووری ناوچەکە ڕێگە دەدات، منیش لە وڵاتی خۆمدا، زمانم، کولتوورم، دابونەریتم، مێژووم سەردەست بن و هەڕەشەی لەناوچوونیان لێ نەکرێ و مافی چارەنووسیشم هەموو کاتێك پارێزراو بێ .. ئەوا ئامادەم لە فیدراسیۆنێکدا، لە کۆنفیدراسیۆنێکدا لە گەڵ گەلانی دراوسێدا بژیم. پێم وایە قۆناخێکی مێژوویی وا دادێ .. بەڵام وا زوو نا.

*** دوای هەڵبژاردن زۆر حیزبی عەرەبی بە شیعە و سوننەوە هاتنە کوردستان، تۆ چ جیاوازییەك لە گوتاری شیعە و سوننەدا بەرامبەر بە کورد دەبینی؟**

– من پێموایە، مەسەلەی شیعەو سوننە، شتێکی کاتییە. ململانێی نەتەوەکان، ململانێی کولتوورەکان، ململانێی زمانەکان، زۆر زۆر جێگیرترە لە ململانێی مەزهەبەکان. ڕۆژێك لە ڕۆژان شیعە و سوننە هەستی نەتەوەییان زاڵ دەبێ بەسەر هەستی مەزهەبییاندا. لەو حاڵەتەدا کورد دەبێتە بەشێکی بچووکی عێراق و عەرەبیش دەبێتە زۆرینە.

*** ئەو پێشوازییەی لە سەرانی شیعەو حیزبەکانی دیکە کرا، چۆن لێك دەدەیەوە؟**

– من لە مێژە گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە سەرکردەکانی کورد زەلیلن.. بچووکن، قەت خۆیان بە خاوەن دەسەڵات حیساب ناکەن، ئێستاش وا تێ دەگەن لە شاخەکان و دەبێ لەبەر پاسدارێکی ئەم و موخابەراتێکی ئەو بپارێنەوە. ئێستاش باوەڕ ناکەن حوکمیان بەدەستە. هەر بۆیەش ئەندامانی پەرلەمانە عەنتیکەکەی هەولێر، تاکە کەسێکیان تێدا نەبوو زات بکا وەڵامی عەمرو موسا بداتەوە. ئەگەر میللەتی ئێمە میللەتێکی خوێندەوار و هوشیار بایە، ئەگەر ئاگاداری مافەکانی خۆی بایە، دەبوایە هەر ئەو ڕۆژە بڕژێنە سەر شەقام و دەستیان پێ لە کار بکێشنەوە.

*** یەکگرتنەوەی ئیدارەکان زۆر جێگای گرنگیدانی تۆ بووە، ئێستا ئەوان یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیان ڕاگەیاند، پێت وایە ئەوان ڕێککەوتوون؟**

– ئێستا ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کوردستان دابەش بکەن. ئەوە من و ئەوە ئێوە... یەکگرتنەوە دوو جۆرە، یان بڕیارێکی سیاسییە و لە سەعاتێکدا، لە دەقیقەیەکدا، وەك یەك نەتەوە، یەك چارەنووس کۆتایی بە هەموو شتێك دێنێ (یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا و هەردوو یەمەن نموونەیە) یا وەك دوو کۆمپانیا دانوستان لەگەڵ مەسەلەکەدا دەکەن. چارەی سێیەم نییە. ئەگەر ئەوان بیانویستایە مەسەلەکە چارەسەرکەن، ئەوا ئەو هەموو کۆبوونەوە و درۆ و دەلەسەیەی نەدەویست، دەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ خەڵکی کوردستان. لە هەڵبژاردنێکی ئازاد دا داوای لێ بکەن نوێنەرانی خۆی بۆ پەرلەمان هەڵبژێرێ، ئەو پەرلەمانەش حکوومەتێکی هەڵدەبژارد. ئەمە ئەو چارەسەرەیە کە لە دنیای ئەمڕۆدا زۆربەی گەلانی تر پەنای بۆ دەبەن. دیسان دووپاتی دەکەمەوە: ئەگەر یەکگرتنەوەکە بە بڕیارێکی ئەخلاقی و سیاسییە، ئەوە ئیشی سەعاتێکە. میللەتێکە و دەیەوێت ببێ بە یەك. سلێمانی و هەولێر دوو دەوڵەت نین ئەوەندە بەزەحمەت یەکتر بگرنەوە! بەدرێژایی مێژوو ئەوانە یەك ناوچەی جوگرافی بوونە، دوو کۆمپانیا ئەو وڵاتەیان دابەش کردووە، ئینجا ئێستا، دوای ئەو هەمووماڵوێرانییە، ڕێککەوتنی دوو حیزبمان وەك جەژنانە دەدەنێ!

*** بێمنەتی پارتی و یەکێتی لە چ دایە، کە بە ئارەزووی خۆیان ڕێککەوتن دەکەن، یان نایکەن، ئایا فشاری جەماوەری و ڕۆشنبیری غائیبە؟**

– میللەتی ئێمە هۆشیار نییە، من جارێك لە (میدیا) گوتوومە "ئەوانە ناتوانن سەعاتێك لە ئەورووپا حوکم بکەن". ئەوانە لەسەر نەخوێندەواری و هەژاری و ناهۆشیاریی ئێمە دەژین، هەر بۆیەش هەتا بتوانن نەخوێندەوارمان دەکەن، نرخی شەهادە ناهێڵن، ڕۆشنبیران زەلیل و دەسندەخۆر دەکەن، هونەرمەندە بەهرەدارەکانمان لەبەر چاوی خەڵك سووك دەکەن. تۆ تەماشای میدیای حیزبەکان بکە! بە تایبەتی تەلەڤزیۆنەکان، بزانە شەو و ڕۆژ چ شایی و قوونبادانێکە! وڵاتی ئێمە گیرۆدەی هەزار و یەك گیروگرفتی جیددییە: نەخۆشی، هەژاری، نەمانی پیشەسازی و کشتوکاڵ، بێکاری، نەخوێندەواری، گەندەڵیی ئیداری، هەڵوەشانەی شیرازەی دەوڵەت، خۆکوشتنی ژنان، ژەهراوی بوونی ژینگە، خۆراکی ئیکسپایەر، نەبوونی کارەبا، ئیفلیجبوونی سیستەمی تەنسازی (صحی) و پەروەردەیی، سەتان و هەزاران گیروگرفتی تر... کەچی تەلەڤزیۆنەکان هەر قوون بادەدەن... منداڵەکە لە ناو ئاوی بێخاڵ هەر سەما دەکا.. ئاهەنگە، فیستیڤاڵە، خەڵات دابەشکردنە، شامی شەریفە!

*** مەسەلەی گەنجان تا ڕادەیەك مەسەلەیەکی گەرمە لە کوردستان، گەنجەکان بە فراوان لە کۆڕەکانت ئامادە بوون، ئەو گەنجانە هەمان ئەو گەنجانەن کە لە شیعرێکدا هیوای لەدایکبوونیانت خواستوە؟**

– من بەڕاستی لەوەشدا گەشبینم، گەنجی کورد ئێستا هەستی بەزۆر شت کردووە، دنیا زۆر گۆڕاوە، ئێمە گەنج بووین نەماندەزانی لە پشت ئەم دیوارانە ژیانێکی تر هەیە. نە سەتەلایت، نە مۆبایل، نە ئینتەرنێت هیچمان نەبوو. زۆر شتمان نەدەزانی. ئێستا خەڵك بەهۆی ئەو سێنیە عاجباتییانە زۆر شت دەبینن. ڕەنگە زۆر لەو شتانە ڕواڵەت بێ، بەڵام تەنانەت لەو شتە ڕواڵەتییانەشدا، دەزانی لەو دیوی ئەو دیوارانەوە ژیانێکی تر هەیە. خۆ هیچ نەبێ لەوە دەگەی، کە سێ ساڵ، چوار ساڵ جارێك دەنگی مرۆڤ نرخی قونچکە جگەرەیەکی هەیە! لە سەفەری ئەمجارەمدا هەزاران گەنجم بینین، گوێم لێ گرتن.. ئومێدێکی زۆرم پێیانە. گۆڕانێکی زۆر قووڵ بەڕێوەیە.

*** ئێستا لە کوردستان هەوڵدان بۆ دانانی پەرلەمانێکی تایبەتی گەنجەکان هەیە، تێڕوانینت بۆ ئەوە چییە؟**

– هەر شتێك دەسەڵاتی کوردی دایبنێ، بەشێکە لە دەسەڵات و لێی جیا نابێتەوە. تا ئەقڵییەتی تۆتالیتاری (شمولی) سەردەست بێ، هیچ گۆڕانێکی جیددی لەم وڵاتە ڕوو نادا، جا خوای دەکرد پەرلەمان و وەزارەتەکانت پڕاو پڕ دەکرد لە گەنجی ١٥–١٦ ساڵی!

*** زۆر باسی گەندەڵی دەکرێ لە کوردستان، تۆ خوێندنەوەت چییە بۆ ئەوە؟**

# وڵاتی ئێمە گیرۆدەی هەزارو یەك گیروگرفتی جیدییە، کەچی تەلەڤزیۆنەکان هەر قون بادەدەن

– کاکە ئەوە میدیای دەسەڵاتە باسی گەندەڵی دەکات. ئەوەی لە کوردستان هەیە گەندەڵی نییە، شتێکی ترە، خۆ گەندەڵی لە ئەمەریکا هەیە، لە بەریتانیا هەیە، لە ئەڵمانیا هەیە، لە فنلاندا هەیە، لە سوێد هەیە. لەو وڵاتانە، ساڵی جارێك کەسێك بەرتیلێك وەردەگرێ، قاچاخچیاتییەك ئاشکرا دەبێ، یەکێك لە دەسەڵاتداران موشکیلەی سێکسی دەبێ. بەڵام لێرە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ لە پەنجەی پێیەوە هەتا تەوقی سەر هەمووی هەر گەندەڵییە، گەندەڵی لەوەوە دەست پێدەکات کە حیزب و دەوڵەت، بارەگاو دەزگای ڕەسمی تێکەڵاون. داگیرکردنی ئەملاکی گشتی لەلایەن گەورە بەرپرسانەوە دیاردەیەکی ئاساییە. تێکەڵ کردنی وەزیفەو قاچاخچییاتی ئاساییە. گەندەڵی لە سەرەوە تەشەنە دەکا و بەرەو خوار شۆڕ دەبێتەوە. هەر سیستەمێکە کۆمپلیت سیستەمی ئیمتیازاتە، کەس نییە لێرە هاووڵات بێ، غەیری ئەندامی حیزب. ئەم نیشتمانە، نیشتمانی هەموو خەڵکی کوردستان نییە. دەرفەتی ژیان بۆ هەمووان وەك یەك نییە. سیستەمی تەزکییەی حیزب نا ئەخلاقیترین سیستەمە لەمێژوودا.

*** باست لە سیستەمی کوردستان کردو بە سیستەمی ئیمتیازات ناوت برد، ئایا لە چ شوێنێکی ئەم دنیایەدا وەها سیستەمێك هەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بیەوێ لێرە پەیڕەوی بکا؟**

– نەبووە لە مێژوودا حکوومەت بژێوی ژیان لە حیزب وەربگرێ، لە هەموو دنیا حیزب دەچێت مانگانە، یا ساڵانە، فۆرمێك پڕ دەکاتەوە چوار فلس وەردەگرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی. لێرە، لە هەر گەڕەکێك لەباتی نەخۆشخانە، قوتابخانە، پۆستەخانە، مەلەوانگە، کتێبخانەی گشتی، بنکەی پۆلیس، یاریگەی منداڵان، باخچەی ساوایان، تۆ بارەگای حیزبت هەیە! بەپارەی کێ ئەو هەموو بارەگایانە بەڕێوە دەچن؟ کادیری حیزب بۆ دەبێ لەسەر حیسابی ئەو میللەتە بژی؟ ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤار و ئەو هەموو سەتەلایتانە لەسەر حیسابی کێن؟ بە چ هەقێك داهاتی گشتی لە پرۆپاگەندەی حیزب خەرج دەکرێ؟ بە چ هەقێك؟

*** تۆ کۆڕەکانت لە کەرکووکەوە دەست پێ کرد، ئەو شارەت چۆن بینی؟**

– ڕەنگە تاکە شارێك لە هەولێر بەدبەخت تر بێ کەرکووك بێ، بەتایبەتی گەڕەکە کوردییەکان، بەتایبەتی تریش ڕەحیماوا. بەراستی من بیستبووم کە کەرکووك لە بارودۆخێکی زۆر زۆر ناهەمواردا دەژیت، بەڵام قەت نەمدەزانی تا ئەو رادەیە، قەتیش نەمدەزانی سەرانی کورد قودس و دڵەکەیان ئاوا لێ دەکەن!

*** تۆ بە کۆڕەکانت هۆڵە چۆڵەکانی کوردستانت پڕ کردەوە، بە رای تۆ شیعرەکانی پەشێو، یا خۆشەویستی پەشێو، وای کرد خەڵك بێتە ناو هۆڵەکان؟**

– نازانم. من بەش بە حاڵی خۆم، شیعر و شاعیر، هونەر و هونەرمەند، گۆرانی و گۆرانیبێژ، لە یەك جیا ناکەمەوە. لەماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا هەوڵم داوە، بە زەحمەتییەکی زۆر، ناوێکی بچووك دروست بکەم، وابزانم خەڵك بۆ ئەو ناوە بچووکە هاتبوون. دەزانن کە ئەو ناوە بچووکە لە خزمەتی ئەواندایە. دژایەتی کردنی ستەمو ململانێ لەگەڵ دەسەڵات باجێکی قورسی خستۆتە ئەستۆی خۆم و خێزانم. لە زۆر شت بێبەشم کە دەکرا بێبەش نەبم. دەکراو ئێستاش دەکرێ بەشێوەیەکی تر بژیم ئەگەر تۆزێك تامی زارم بەرامبەر دەسەڵات بگۆڕم. بەڵام من بەرەی میللەتەکەی خۆمم هەڵبژاردووە. ئاسوودەو خۆشبەختیشم کە ئاوام. بێگومان ئەو پێشوازییە جەماوەرییەی لێم دەکرێ باری سەر شانم قورستر دەکا. زۆر جار دەترسم لەوەی هەڵەیەك بکەم و خوانەخواستە ئەو متمانەیە، کە هەموو سەرمایەمە، لە ساتێکی بێئاگاییدا، لە دەستی بدەم.

*** دەگوترێ کۆڕەکان بایەخپێدانێکی جەماوەری و پشتگوێخستنی ڕاگەیاندنیان پێوە دیار بوون؟**

– ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی دەسەڵاتە. نەك هەر ئەو کۆڕانەی دوایی، بەڵکو هەموو کۆڕەکانم. من، هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا، زیاتر لە ٨٠ کۆڕم لە کوردستان و لە دەرەوە کردووە (هەمووشیان کۆڕی قەرەباڵغ و جەماوەری) کەچی میدیای حیزبەکان نە دەبینێ، نە دەبیستێ. ئەمڕۆ هەموو شتێك کڕین و فرۆشتنە. دیارە کە من ئامادە نیم هیچ بفرۆشم کڕیاریش ئامادە نابێ هیچم بداتێ. لە ٢٠٠٢، وەزیرێك لەو مالیزگەیەی لێی بووم بێ پەناوپێچ گوتی "یەك هەنگاو لە حیزب بێیتە پێش، سەد هەنگاو حیزب لێت دێتە پێش. ڕەنگە لە مستەوای گەورەتریش کەمترم بەڵێن پێ نەدرابێ! بێگومان یەك لەو نیعمەتانەی دەسەڵات پێم دەبەخشێ ڕووناکیی ئیعلامە!

*** ئەی بۆ لەو سەردەمەی کە ئێستا هۆتێلەکانی کوردستان پڕ میوانن، ئەو میوانە کوردانەی لە ئەورووپا دێن یان فیستڤاڵ و میهرەجان دەکرێ خەڵك داوەت دەکرێ، بۆچی تۆ داوەت نەکراوی، یان قەبووڵت نەکردووە؟**

– هەمووی بەفیڕودانی پارەی هەژارانی کوردستانە. دەسەڵاتێك هەتا ئێستا نەتوانێ چەند دۆلارێك سەرف بکات بۆ دانانی فەرهەنگێکی زمانی کوردی، سەدان هەزار دۆلار سەرف دەکات لە مردوویەك، من چۆن باوەڕی پێ بکەم؟ دەسەڵاتێك لەم وڵاتە کتێبخانەیەکی گشتیی نەهێشتبێ، کە بە راستی کتێبخانە بێ، دەسەڵاتێك دژایەتی یەکێتی ڕێنووس و ڕێزمان و پاراویی زمانی کوردی بکا، دەسەڵاتێك مانای ڕۆشنبیری و خوێندن و بەرنامەی قوتابخانەکانی نەهێشتبێ، دەسەڵاتێك لەرێگەی ئەو تەلەڤزیۆنە عاجباتییانەوە ئابڕووی موسیقای کوردی بردبێ، دەسەڵاتێك تا ئێستا تاکە یاسایەکی بۆ پاراستنی زمانی کوردی دانەنابێ، ئیتر ئەو دەسەڵاتە چی بۆ ماوەتەوە جگە لە ڤیستڤاڵ و لی لی و لۆلۆ؟! بەڵێ، زۆر جار داوەت کراوم، بەڵام نە بەداوەت دێمەوە وڵاتی خۆم، نە دەچمە شوێنی واش.

*** زۆر جار سیاسییەکانی ئێمە دەڵێن ئەگەر ئەوانە راست دەکەن، با بێنەوە کوردستان و لێرە خزمەت بکەن، تۆ چ دەڵێی لەو بارەوە؟**

– زۆربەی ئەوانەی دێنەوە، بە نیازێکی پاکەوە، بە گەلێك خەیاڵاتی جوانەوە دێنەوە، بەڵام هێندە نابا، سارد دەبنەوە، دەبنە بەشێك لە سیستەمەکە، بە بورغوویەك لە ئامێرە بێگیانەکە. ئەوانەی دەمهەراشن هەندێك ئیمتیازات، وەکو بەرتیل، وەردەگرن... ئیتر نەهیچ دەکەن، نەهیچ دەڵێن. لەم وڵاتە کەس هیچی پێ ناکرێ، ئەگەر لە سەرەوە عەقڵییەت عەقڵییەتێکی دواکەوتوو بێ. من دەتوانم قوتابخانەیەك چاك بکەم، دەتوانم لە ڕۆژنامەیەکدا، وتارێك تەماشا بکەم و هەڵەکانی راست بکەمەوە، بەڵام ئەگەر عەقڵییەتەکە لەوە نەگەیشتبێ کە زمانی کوردی پێویستی بە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا هەیە بۆ پاراستن و ڕسکاندن و بە ستاندارت کردنی. تۆ چیت پێ دەکرێ؟! ئێمە چۆن لە سیاسەتدا بێ مەرجەعییەتین، لە زمانیش هەر واین. من ئەوە کتێبێکم چاك کردەوە، وتارێکم چاك کردەوە، چ بە چ دەکەم، ئەگەر لە سەرەوە پلان و بەرنامەیەك نەبێ بۆ زمان و ڕۆشنبیری.

ئەوەی دەیەوێ وڵاتێك خاپوور کا، با نەهێڵێ کەس کاری خۆی بکا. هەیە کشتوکاڵی تەواو کردووە کاروباری ڕۆشنبیرییان داوەتێ، فیزیاناسە و سەرپەرشتی دادگاکان دەکا، مامۆستای سەرەتاییە و چارەنووسی خوێندنی باڵای دراوەتێ. لێرە کەس ئیشی خۆی ناکا. ئەوانەی ئەو شتە دەکەن تەنیا و تەنیا دەیانەوێ ڕۆشنبیریی کوردی تێك بدەن، زمانی کوردی تێك بشکێنن، بە کردەوەش لە ماوەی چەند ساڵەی بە ناو ئازادیدا زمانی کوردی پاشەکشەیەکی ئەوتۆی کردووە بڕواناکەم بە ٥٠ ساڵی دیکە بگەڕێتەوە سەر دۆخی ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆی. زەلام هەیە هەموو چارەنووسی ڕۆشنبیریی کوردی بە دەستەوەیە ئەگەر بێت و لە ئەزموونێك دانیشێت ئیمتیحانی شەشی سەرەتایی بکەم لە ئیملا دەرناچێت. من لە گەڵ بەرپرسەهەرە گەورەکان باسی ئەو شتانەم کردووە.

*** لە بارەی بە عەرەبی نووسینی زۆربەی تابلۆیەکانی پایتەختی کوردستان چی دەڵێی؟**

– لە شەقلاوە و سۆران لە هەندێ جێ بە فارسیش نوسراون! چونکە وڵاتێکە یاسای تێدا نییە. لە هەموو دونیا یاسای پاراستنی زمان هەیە. زمانی ئێمە ساڵەهای ساڵ زمانێکی بندەست بووە، قەت زمانی حوکم و دەوڵەت نەبووە، تەنیا زمانی شیعرو گۆرانی بووە. ئەو زمانە پێویستی بە کۆمەڵێك یاسا هەیە، بەڵام هەتا ئێستا ئێمە یاسایەکمان نییە بۆ ئەوەی ئەو تابلۆیانە بە کوردی بنووسرێن. کە بە کوردی نووسران ڕێنووسمان نییە! بڕۆ تابلۆیەکم بۆ بێنە بە کوردی نووسرابێ، بەڵام بە کوردییەکی ڕەوان. بڕۆ مانشێتی ڕۆژنامەیەکم بۆ بێنە بە کوردییەکی ڕەوان نووسرابێ، ناوی حیزبێکم بۆ بێنە بە جوانی و بە ڕاستی نووسرابێ، ڕێنووسەکەی تەواو بێ، ئیملایەکەی تەواو بێ، لەو وڵاتە زمانیان نەهێشت، زمانیان وێران کرد. نەك هەر تابلۆی دوکانەکان، بگرە تابلۆی سەر شوێنە گرنگەکانیش هەر ڕاست نین، هی وەزارەتەکان، دەسگا ڕۆشنبیرییەکان، هی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەو کۆڕی زانیاریش هەر ڕاست نین!

ئەو ماددەیەی لە دەستووردا زمانی کوردی بە ڕەسمی دادەنێ، پووچە، ئەگەر خۆمان پراکتیزەی نەکەین. ئەگەر هەر کاڵایەك لە ئاوەوە بگرە تا دەرمان، لە ریکلامەوە بگرە تا بڕیارەکانی پەرلەمان بە زمانی کوردی نەبێ، کەسێکی کورد کە ئاوی (حەیات)ی تورکی دەخواتەوە، نابێ بە زمانی زگماکی خۆی لە نووسینی سەر بتڵەکە بگا، ئەوسا بیخواتەوە؟! ئەدی لە هەموو دنیا وا نییە؟! کە کوردێك لەدەرمانخانەیەك دەرمانێك وەردەگرێ، نابێ پێش بەکارهێنانی، بەزمانی زگماك، بزانێ چی لەسەر نووسراوە؟! چما زمانی کوردی ڕەسمی نییە؟! چما لە سەرتاپای دنیا وا نییە؟!

*** ئێستا مارشی نەتەوەیی ٦٠ ساڵەی (ئەی ڕەقیب) لە بەردەم هێرش دایە، ئەو هێرشە چۆن دەبینی؟**

– نازانم، شتێکی خراپە، بەڵام دەبێ چی وای لەوانە کردبێ ئەو جورئەتەیان هەبێ داوای شتێك هێندە گەورە بکەن.

*** دەڵێن حەرامە لەبەر ئەوەی نووسراوە دینمان و ئاینمان هەر نیشتمان؟**

– نەخێر، (دین) لە سروودی (ئەی ڕەقیب)دا، بەو مانایە نییە کە لە قورئاندا هاتووە. لەو شیعرەدا دین و ئاین مانایەکی دیکەی هەیە بە مانای ڕێباز و ڕێنما هاتووە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە ئەوان لە شیعر ناگەن. سروودی نەتەوەیی گەلان کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێدەپەڕێ دەبێتە هێزێکی مەعنەوی وکەس بیر لە وردەکارییەکانی ناکاتەوە.

*** سەردانی کەمپی کاوەت کردووە، هۆکارەکەی چی بوو؟**

– بە راستی چوونم بۆ ئەوێ بۆ ریکلام نییە. دەبینم کۆمەڵە خەڵکێك، لێرە، لە شارەکەی منن. ئەو ئاوارانە هاوزمانی منن، هاوخوێنی منن، خوشك و برای منن، کەسوکاری منن، ویستم بزانم لەم بەشەی وڵاتی خۆیاندا، لەناو خەڵکی خۆیاندا، چون دەژین. ئێمە دەزانین ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندان جار کەسوکاری ئێمە و خەڵکی باشووری حەواندۆتەوە، حەزم کرد بزانم چاکەیان چۆن دەدەینەوە. ئەوەی من بینیم وەسف ناکرێ. بە راستی زەحمەتە پیاو یەك سەعات خۆی لە بن ئەو خێوەتە ساردانە راگرێ. نازانم چۆن دەژین! من خۆم دەردەسەریم زۆر دیوە، بەڵام هی ئەو ئاوارانە لەوە تێپەڕیوە. منداڵان بە پێی پەتی و بە سنگ و بەرۆکی ڕووتەوە لە ناو قوڕ و چڵپاوی کەمپەکەدا هەڵدەلەرزێن. کە ویستم بۆ خەڵکەکە قسە بکەم، نەمتوانی، گریام. بە راستی گریام، خۆم بە شەرمەزاریش دەزانم (وەك پێیانم گوت)، هیچم لە دەست نایێ، جگەلە دەنگهەڵبڕین. من هیچ تەمایەکم بە دەسەڵات نییە، بەڵام بانگی خەڵکی ناندەر و میوانپەروەری هەولێر دەکەم، بە تایبەتیش دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە، ئاوڕلەو کەمپە و کەمپەکانی تری دەوروبەری هەولێر بدەنەوەو ئەوەش بزانن کە ئەوانەی لە کەمپەکانن کەسوکاری خۆیانن، خوشكو براو جگەرگۆشەی خۆیانن.

*** تا ئێستا سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانت نەکردووە، هیچ بەربەستێك هەیە؟**

– تا ئێستا دوو جار ڤیزام وەرگرتووە بۆ سەردانی ئەو بەشەی نیشتمان. ساڵی ٢٠٠٢ داوەت کرام، بەڵام هەر ئەوانەی داوەتیان کردم هاتنە هەولێر و گوتیان ڕەوشی ئەولا باش نییە و هاتنت لەم کاتەدا بە چاك نازانین. ساڵی ٢٠٠٤، خۆم ڤیزای ئێرانم وەرگرت و دەبوایە ڕۆژی ١٥-٩-٢٠٠٤ سەفەر بکەم، کەچی ١٤-٩ کەوتمە نەخۆشخانەو ئەو ڕۆژەی دەبوایە سەفەر بکەم نەشتەرگەریم بۆ کرا. لەگەڵ ئەوەشدا وازم لەو ئاواتە نەهێناوە، هیوادارم ڕۆژێك لە ڕۆژان بیهێنمە جێ، چونکە بینینی ئەو بەشەی کوردستان گەورەترین خەونی منە، چونکە زۆرترین ژمارە خوێنەرم خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و پەیوەندیشم لەگەڵیان زۆر گەرمە.

*** ناوی دیوانە تازەکەت کە ئێستا چاپی دەکەیت چییە؟**

– دیوانەکە هەموو ئەو شیعرانەی تێدایە کە بە درێژایی چل ساڵی رابردوو نووسراون. بە گوێرەی کاتی نووسین، بە سەر دوو بەرگدا دابەشم کردوون: (پشت لە نەوا و ڕوو لە کرێوە) شیعری ساڵانی ١٩٦٥-١٩٧٩ی تێدایە. ئەوەی دی (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا) شیعری ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٥ دەگرێتە خۆی.

*** زۆربەی بەرهەمەکانی تۆ لە زۆر شوێن بەبێ مۆڵەتی خۆت چاپکراون، هەندێ لە شیعرەکانیشت شێوێنراون، بۆچی ڕێوشوێنی یاساییت نەگرتەبەر؟**

– دەیان جار دەنگم هەڵبڕیوە، کەم ڕۆژنامە و گۆڤار ماوە تێیاندا دەنگم هەڵنەبڕیبێ. بەڵام، چ لێرە چ لە سلێمانی، نایانەوێ ئەو دیوانە ساختانە قەدەغە بکەن. ئەوە جارێکی دیکە، لە ڕێگەی (میدیا)وە، هاوار دەکەم ئەو دیوانانە هەوڵدانی کوشتنی ئینسانێکە کە ویستویەتی خزمەتی ئەو میللەتە بکات. شێواندنی بەرهەمی ٤٠ ساڵی ژیانمە. کۆبکرێنەوە. ئەوانەی ئەم کارە دەکەن، ناوەکانیان دەزانم کەسانێکن کە سەر بە دەوڵەتن، لە ئێران ئەو شتە دەکەن و چەند کەسێکی نەفسنزمیش لە سلێمانی و هەولێر ئاسانکارییان بۆ دەکەن ولە شارەکانی باشووریش ئەو ژەهرە بڵاو دەکەنەوە. هیچ دەسەڵات و دەوڵەت و یاسایەکیش نییە مافەکانم بپارێزێ. ئەو دەسەڵاتەی ساڵانە ملیۆنان دۆلار لە بەرتیلدان بە ڕۆشنبیران و ڤیستڤاڵ و قونبادان و ویژدان کڕین خەرج دەکا بۆ پێشگرتن لەو تاوانە خۆی لە گوورە نابا. من یەکێکم لەوانەی زۆرترین ژمارە خوێنەریان هەیە. خەڵکی هەر وڵاتێکی تر بام دەبوایە ئێستا بە بەری ڕەنجی زێتر لە ٤٠ ساڵی ژیان بحەسێمەوە. بەڵام دیارە نووسەری کورد، ڕۆشنبیری کورد، هونەرمەندی کورد، یا دەبێ پیاوی دەسەڵات بێ و لە سەر سفرە و خوانی ئەو زەلیلانە بلەوەڕێ، یا دەبێ بە کوڵەمەرگی سەربنێتەوە. دەسەڵاتی گەندەڵ ئامادەیە هەرچیم بوێ لە پایەومالی دنیا وەك بەرتیل بمداتێ، بەڵام ئامادە نییە یاسایەکی بچووکم بداتێ مافەکانی خۆمی پێ بپارێزم.

*** خەڵکی هەڵەبجە گلەییان کردبوو، کە پەشێو کۆڕی لە هەڵەبجە نەکردووە؟**

– سەردانی هەڵەبجەم کرد، بەشێوەیەکی نیمچە ڕەسمی پێشوازی کرام، بەڵام ئەگەر نەیانهێشتبێ خەڵك بمبینێ، گوناهی من نییە. پێمخۆش بوو خەڵکەکە ببینم، نەك هەڵەبجەی ڕەسمی. وەك نەریتێك کە دەچمە هەر جێیەك پێش هەموو شتێك مەبەستم بینینی خەڵکەکەیە و ناچمە بارەگا و دامودەزگای ڕەسمی، من دەچم خەڵك ببینم.

*** هەندێ کەس عەبدوڵڵا پەشێو بە حاجی قادری سەردەم دەناسێنن لە رووی نەتەوەییەوە، بۆچی سەردانی کۆیەت نەکرد؟**

– زۆر لەوە بچووکترم بە حاجی قادر بناسرێم. من پەیوەندییەکی تایبەتیم بە کۆیە و کۆییانەوە هەیە. لە ١٩٩٢ و ٢٠٠٢ لەوێ شیعرم خوێندەوە. ئەمجارەش چەند جارێك هەر بۆ بینین سەرم لێی داو چاوم بە پەیکەرە پیرۆزەکەی حاجی کەوت. گریانم بۆ حاجی و پەیکەرە خەمبارەکەی هات. دەیڵێمەوە: من زۆر زۆر لەوە بچووکترم ببمە حاجی قادر، چونکە حاجی دیاردەیەکی گەلێك گەورەیە، لە سەد ساڵێکدا یەکجار پیاوی گەورەی وا هەڵدەکەوێ. من بەختەوەرم و زۆر خۆم بە گەورە دەزانم ئەگەر بە شاگردێکی حاجی قادرم حیساب بکەن، ئەوە بۆ من بەسە.

*** جگە لە کۆیە، حەزت دەکرد لە چ جێگەیەکی دیکە کۆڕت بکردایە؟**

– لە دهۆکی دڵال زۆر داواشم کرد. خەبەرم بۆ نووسەرانی ئەوێ نارد و گوتم حەز دەکەم سەردانێکی دهۆك بکەم، بەڵام هەتا ئێستاش بێدەنگییەکی موتڵەق هەیە. هەستێکی وام هەیە ئێمە دوو میللەتین و دوو دەوڵەتین. دەمویست ئەو سنوورە بشکێنم. کە دێمەوە حەز دەکەم بچمە دهۆك. دروستبوونی ئەو دیوارەم پێ ناخۆشە کە حیزبەکان خەریکن هەڵی دەچنن نەك هەر پێم ناخۆشە، جەرگم ژان دەکات. دەیان جار لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستانەوە، پەیوەندیم پێوە کرا، لە شەقڵاوە و ڕواندز و سەیدسادق و خورماڵ و هەڵەبجەوە تا دەگاتە گوندی بەحرکە! بەڵام لە دهۆکەوە دەنگێك نەهات. هەڵبەت من خەمم کۆڕەکە نییە، من مەبەستێکی ترم هەیە لە چوونە ئەوێ. ئەگەر نا، خۆ هێندە دەستبەتاڵ نیم. من هەست بە لێك دابڕانێکی مەترسیدار دەکەم.

*** هاوسەر و منداڵەکانت لە ماڵەوە بە کوردی دەپەیڤن یان بە زمانێکی دیکە؟**

– منداڵەکانم لە دەرەوە بە فنلاندی، لە گەڵ دایکیان بە ڕووسی، لە گەڵ من بە کوردی! ئەگەر کوردێك میوانمان بێ هەموومان بە کوردی، ڕووسێك میوانمان بێ هەموومان بە ڕووسی.. من لە هەر کوێ بووبم، جگە لە کوردی بە هیچ زمانێکی تر قسەم لەگەڵ منداڵەکانی خۆمدا نەکردووە.

*** هاوسەرەکەشت کوردی دەزانێت؟**

– دەزانێ!




له پێشەکی دیدارێکی ڕۆژنامەی (ئامولیهتی)ی فینلاندی نووسراوە: شاعیری خاوەن زۆرترین ژمارە خوێنەر، ژیانی ناسەقامگیری کورد دژوارە، بەڵام خۆشبەختانە سەرچاوەیەکی هێزیان هەیە، شاعیرێکی نەترسیان هەیە، کە ئێستا لە پەرگەیەکی هێلسنکی دەژی

نووسەرو ڕۆشنبیرو هونەرمەندی کورد یا دەبێ پیاوی دەسەڵات بێو لەسەر سفرەو خوانی ئەو زەلیلانە بلەوەڕێ، یا دەبێ بە کوڵەمەرگی سەربنێتەوە